**نائاسایی لادانی واتایی لە شیعری(حەنایی کردووە ...)ی ( نالی)دا**

**هێمن عومەر خۆشناو**

بۆ لێکجیاکردنەوەی قسەی ئاسایی لە قسەی نائاسایی لە ڕوانگەی واتاییەوە، لە زانستی زمانەوانیدا و لە نێو بەشی ئاستی واتادا، دوو ئاست جیاکراونەتەوە، ئەوانیش ناونراون: ئاستی سیمانتیك و پراگماتیك.

ئەم شێوە دابەشکردنەش لە زانستی زمانەوانیدا دابەشکردنیکی نوێیە، چونکە ئەگەر بێت و تەماشای بەرهەمی پێشووی زانایانی زمان بکەین، دەبینین لێڵی و تەمومژییەك سەبارەت بە ئاستی واتا دەبینرێ، ئەم ئاستە بە ئاستێکی سەخت و ئاڵۆز بینراوە، چونکە لەناوخۆیدا ورده ئاست و لقەکانی تێکەڵ بەیەك بووەو نەتوانراوە دەرەقەتی هەموو شتەکانی بێن. بەڵام هەرچی زمانەوانی نوێیە ئەم کێشەیەی یەکلا کردۆتەوەو دەتوانرێ هەر بەشەو لەبەر فراوانی و زەمینە لەباری ئاستی واتا وەك زانستێکی سەربەخۆ دابنرێ و قسەی لەسەر بکرێ.

لە ئاستی واتادا زمانی ئاسایی دەکەوێتە بواری سیمانتیك و ئەو لێکی دەداتەوە، چونکە پەیوەستە بە هەموو ئەو وشانەی کە لەناو فەرهەنگەکاندا بوونیان هەیەو خەڵکی بە گشتی لە واتاکانیان دەگەن، بەڵام زمانی ئەدەب بەگشتی و شیعریش وەك بەشێکی سەرەکی لە ئەدەبدا وشەو دەستەواژەی تایبەت بەخۆی هەیە، لەو ڕوانگەی کە زمانی ئەدەب زمانێکی داهێنراوەو قسەکەرەکە خۆی تەموومژاوی و ئاڵۆزی دەکات تا بەهایەك بداتە دەقەکەو جیا بێتەوە لە دەقی ئاسایی و قسەی سەر زاری خەڵك. بۆیە زمانی شیعر زمانێکی مەبەستدارە، نەك رووکەش و رواڵەت ئاسایی، هەر ئەوەش وایکردوە لە ئاستی واتادا، کە لە شیعر دەڕوانرێت، دەبێ بەر لە هەموو شت مەبەستی گوتن کە پەیوەندییەکی پتەوی بە ئاستی( واتا) وە هەیە، لێکبدرێتەوە و هەموو قورساییەکە بکەوێتە سەر مەبەستەکە، چون قسەکەری شیعر بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ قسەکان دەردەبڕێ و گوێگر یا بینەریش لێرەدا ئازادە بۆ ئەوەی ئەویش ئەو دیاردە ناراستەوخۆیە بە شێوەیەك لێکبداتەوە، کە لە واتای مەبەستەکەوە نزیك بێت، دواتر دەوروبەر و ژینگەی نووسەرو بیروباوەڕو جۆری نووسین و شێوازەکەی دەکرێنە پاڵپشتی پێوانەکە، بۆ زیاتر تیگەیشتنی ئاستی واتای دەقەکە، چونکە لێرەدا تەنیا یەك شت نابێتە پارسەنگی

دەق، لەبەر ئەوەی لە دەقی پراگماتیکیدا یاسا دەبەزێت و بنچینەکانی دەشێوێندرێن و ئەو شیواندنەش لە خۆوە ناکریٚ، بەڵکو مەبەستدارە.

ئەم مەبەستە کە لە نێو دەقدا خۆی نواندوە پڕ کاریگەریشە لەسەر وەرگر، چونکە بۆ ئەوەی واتای دەروونی دروست بێت و یەکێك لەو هۆیانەی کە وادەکات واتای دەروونی کاریگەری بمێنیٚ، ئەوا لادانی واتاییە، تا لادانەکە چڕو بەهێز بێت ئەوەندە کاریگەری دەروونی لە دوا بەجێدەمێنیٚ، لادانی واتایی بەزۆری لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەك لێکچواندن، خوازە، خواستن، درکە....دەردەکەویٚ، کە لادانە لە یاسای زمان.. (1) بۆ نموونە کەسێك کوردستان وەك بەهەشت دەبینیٚ، واتە کەسەکە واتایەکی بارکراو و زیادکراوی خستۆتە سەر ناوی کوردستان، چونکە لە راستیدا کوردستان بەهەشت نییە.

لەم کورتە نوسینەدا مەبەستمانە لادانی واتایی لە نێو نائاسایی واتادا لە دەقی شیعری( حەنایی کردوە دڵی زارم) ی نالی شیبکەینەوە.

( نالی) لە شیعردا بەوە ناوبانگی دەرکردوە کە زمانی شیعری زمانێکی ئاڵۆزو تەمومژاوییە، زۆر کەم لە قسەی ئاسایی نزیکبۆتەوە و هەموو جۆرە لادانێکی لە ئاستی واتادا ئەنجامداوە، بە جۆرێك بە یاریپێکەری وشەکان ناسراوە.

**حەنایی کردوە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم**
**ئەمە ڕەنگە شەهادەت بیٚ کە کوشتەی دەستی دڵدارم**

نائاسایی واتایی لەم دێرە شیعرەدا لەوەدایە کە شاعیر یارەکەی خۆی وادادەنیٚ کە پەنجەی بە خوێناوی دڵی برینداری ئەو سوور بووە و دەشڵیٚ پەنجەی من خەنەی تێگیراوە.

بۆیە لێرەدا واتا لە شێوە ئاساییەکەی دەردەچێت، چونکە ئەم شتە لەگەڵ واقیع دا ناگونجیٚ، کە کەسێك خۆشەویستەکەی خۆی بکوژیٚ و پەنجەکانی خۆی بە خوێناوی دڵی سوور بکاو و دواتریش وا دابنیٚ کە خوێناوی بووە. ئەمە جۆرێکە لە هونەری قسەکردن و لێدوانی شیعر کە بە خوازەو خواستنەوە موخاتەبەی بەرامبەرەکەی دەکات، لادانەکە بە شێوازێکی وا هاتووە، کەمرۆڤ هەرگیز چاوەڕوانی هێنانەوەی ئەو نموونە ناکات، بە شێوەیەك کە لای خوێنەر( وەرگر) دیمەنێکی سەرسوڕهێنەری سازاندووە و چەشنی دڕندەیەك لە گیانلەبەرانی تر دێتە پێش چاو کە دەستی لە ناو خوێن و خیزاو دا سوور بوو بێت.

لادان لەم ڕوانە دروست بووە:
لادان لــە چــەندێتی: شــاعیر دەیتــوانی بــە یــەك رســتە هــەردوو دێرەکــە دەربــبڕێ و بڵی(یارەکەم ئازاری داوم).
لادان لە گونجان دروست بووە چونکە ناگونجێ پەنجە بخرێتە ناو دڵ و بە خوێنی دەست و پەنجەی سوور بکا و بەرامبەریش هەر لە ژیاندا بێت.
لە نیوەدێری دووەمیشدا واتا تێك شکینراوە و لەبارە ئاساییەکەی خۆی لایداوە کە پەنجە خستنە نێو دڵ و بە خوێن کردنەکە بە جۆرە شەهادەتێك دادەنێ، کە لای وایە بکوژەکە یارەکەیەتی، بە بەلگەی پەنجە سوور بوونی و دڵ بە ئازاری ئەویش لەم بوارەدا.
لێرەدا پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو پچراوە ، هەمیشە ( دڵ) هاوڕێتی لەگەڵ خۆش و گەش و.... هەموو خەسڵەتە جوانەکان دەکات، بەڵام پچرانی لێرەدا بۆتە هۆی ئەوەی کە بریندار بکاتە هاوڕێی دڵ و ئەمەش ناگونجێ و لە راستییەوە دوورە، کە دڵێك لەناو لەشی مرۆۋ بێت خویناوی لێ بچۆڕێت.
لادان لە شێواز : شاعیر بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەقەکەی دەربڕیوە.

**گوتم ئایا بەزاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟**
**بڕۆی هێنایە یەك، وەك شکلی( لا) یەعنی کە بێزارم**

نائاسایی واتا لەم دێرەدا لەوە دروستبووە کە شێوە پراگماتیمیەکە بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت، بە شێوەیەك دەبێ خوێنەر یان گوێگر لە ئاستێکی بەرز دابێت، تا لە وشەو واتای تەواوی شیعرەکە دەگات، وێرای ئەو تەموومژاویەی کە لە هەنێك وشەکانی شیعرەکە دەبینرێت:
لادان لە شێواز: بەو واتایەی قسەکردنەکە شێوەیەکی ئاڵۆز و تەمومژاوی گرتۆتەوە، بۆ نمونە وشەی ( زار) لە دێری یەکەم تەموومژاوی نیشاندەدات، چونکە بۆ دوو سەرچاوەی جیاواز دەگەڕێتەوە،وەك مامۆستایانی مودەڕیس وای بۆ چوون (زار) ی یەکەم بە مانای ( دەم) بەکاردێت و ( زار) ی دووەم بە مانای ناڕەحەتی دێت. نالی لێرەدا هاتوە بۆ گەمەکردن بە وشەو پێکهێنانی وێنەیەکی جوانی وشەیی واتاکەی لە ئاساییەوە بۆ نائاسایی گۆڕیوە. لە لایەکی دیکەوە بنەڕەتی لادان لەوەوە سەرەتا سەرچاوەی گرتووە، کە لە دێری یەکەمدا شاعیر ڕاستێتی قسەی یەکەمی دەسەلمێنی بەوەی کە سەرەتا دەڵێ، ئەو دەستی لە ناو خوێنی دڵی من داناوە و بەو

خوێنـه دەسـتی خـۆی لـه خەنـه دەنـێ، هـەتا ئێـره خوێنـەر بـه تـەواوی نـازانێ کـه ڕستەکە، هـەر تـەنیا وەك هەواڵـدان هێناویـەتی یـان وەك گێڕانەوەیـەك، بۆیـه لـه نیوه دێری دووەمدا ڕاستی ئەم هەواڵدانە دەسەلمێنێ و وا دادەنێ کە بەو دەست لە خوێن دانه شەهیدیی بە نسیب بووە، هـەتا ئێـرە لادانەکـە بـه ئاڕاستەیەکی ڕاسـت بـەڕێوە دەڕوا، بـەڵام لـە دێـری دووەمـدا دیمەنەکـە بـە شـێوەیەك دەبـێ، ئاڕاسـتەی لادانەکـە دەگۆڕێت بە جۆرێك دەکرێ بڵێین لادان لە نێو لادان دروست بووە، چونکە لە دێـری یەکـەم وەك باسمـان کـرد دەرخسـتنی حالـەتێکی شـەهادەتە لـە ململانێـی نێـوان دوو کەس (دولبەر و نالی)، بەڵام کوێی نالی وردتر لێی بڕوانین، ئەویش دڵە ، ئەگەر دڵیش سەرچاوەی ژیـان و ترپـەی لێـدانی ژیـان بێـت، ئـەوا هـەموو لاشـەکە دەگرێتـەوە، بـە تایبـەتیش شـەڕەکە بگاتـە ئـەو ڕادەیـەی کـە خـوێنی نـاو دڵ بـە دەسـت دەربهێنـرێ، لێـرەوە پێدەچـێ لـە شـێوەی دێـرە شیعرەکەی بابـا تـاهیر نزیـك بـێ کـە دەڵـێ: ئەگـەر دەستم رەسەد خونەت بریجەم...

لـە ڕووی دەسـت گەیشـتن بـە دڵ و هەڵدانـەوەی پـەڕەکانی نـاوەوەی بـە ڕشـتنی خوێنەکەی. لە دێری دووەمدا ئاڕاستەکە پێچەوانە دەبێتەوە بەوەی کەسێکی شەهید دێتە گۆ وەك ئەوەی لە حالەتی شـەهیدی هەستێتەوەو بە سەرسوڕمانەوە هـەردووك لێك بڕوانن و نـالی لـەو بپرسـێ: کـە ئایـا تـۆ دەتـەوێ لـە حـاڵی بریـنداری مـن بپرسـی، بەڵام پرسینێك تەنیا بە دەم و زار نا، بەڵکو خوێندنەوەی کرۆکی دڵ و دەروونـی مـن وەکو بابا تاهیر دڵنیا نەبی تا دڵ تاقی نەکەیەوە وەك سەرچاوەی هەموو شتەکان؟!.

لادانەکـــە بـــە دوو ئاڕاســـتەی پێچـــەوانەوە دەجـــوڵێ، ســـەرەتا نـــالی(مرۆڤێکی بەرجەستەی وەستاوی بـێ جووڵـەی شـەهید) بـۆ کەسـێکی زینـدووی پرسـیارکەر و وەسـتاو لـە بەرامبـەر دولبەرەکـەی. دواتـر دولبـەر لـە کەسـێکی جـوڵاوی خـەریکی دەرهێنـانی خـوێنی دڵـی نـالی و پاشـان (دەسـت سـوور کردنـی بـە خوێنەکـەی ) بـۆ کەسێکی بەرجەستەی جێگیر و لاشە نەجوڵاوی ، تـەنێ جارێك بـرۆ هێنانەوەیـەك کە نیشانەی بێزاری تووڕە بوونیەتی.

نالی( بێ جوڵە+ شەهید) ⟵ (بە جوڵە)

دولبەر( بەجوڵە+ بکوژ) ⟵ ( بێ جوڵە)

لێـرەوە هـەتا دێـری حەفتـەم تـەنیا نـالی لـە دۆخـی جوڵاودایـەو قسـەی بـۆ دەکـا دولبەریش کەوتۆتە دۆخێکی چەسپاوی بێ دەنگ ، لە دێری حەفتیشدا هەر بێدەنگە بەڵام نالی لەوێ خۆی دەبێتـەوە گێڕەرەوە و ئـەو قسـەیەی کـە دولبەرەکە لـە رابردوو

کردویەتی وەك فلاش باگ هەڵیگرتووەو لەوێ بەڕووی داداتەوەو وەك بە بیر هێنانەوەیەك.

برۆی هێنایە یەك، وەك شکلی( لا) یەعنی کە بێزارم

لادان لە چەندێتی: چونکە دەیتوانی بە یەك دوو وشە بڵێ ( یارم بێزارە).

لادان لە شێواز: لە وشەی ( بێزار) دروستبووە چونکە ئەمەش دەگونجێ لە یەك سەرچاوەی واتایی زیاتر بێت، رەنگە واتایەکیان هەر بێزاربوون نیشان بدات، لەلایەکی تر دەشێ وەسفی یارەکەی بکا کە دەمی زۆر بچوکەو ئەو وا دادەنێ لەبەر بچوکی دەمی، قسەی بۆ ناکرێ.

**عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر**

**بەڕووی تۆم دیدە هەڵنایێ شەو و رۆژ ئەرچی بێدارم**

نائاسایی ئەم دێرە شیعرە لەوەدایە کە شاعیر لایداوە لە چۆنیەتی، چونکە ڕووی یار بەرامبەر بە خۆر و چاوی خۆشی بەرامبەر بە ئەستێرە داناوە، وایداناوە کە ڕووی یار لە ( رۆژ– خۆر) یش کاریگەرترە، ئەمەش لەگەڵ ڕاستی ناگونجێ و شتێکی واقیعی نییە. نە ڕووی یار خۆرە و نە چاوی ئەویش ئەستێرەیە، هەموو پاساوەکانیشی بە شتیکی ناواقیعی و دوور لە ڕاستی هێناوەتەوە، واتە بۆ هۆیەکی ناراستەقینەی گێراوەتەوە، پێی وایە ئەستێرە لەدووری رۆژ شەوان دەردەکەوێت، بەڵام کە دەستەڵاتی رۆژی لێ بەدەر دەکەوێت ڕادەکات و هەڵدێ، ئەمەش خۆی بۆ خۆی ناڕاستییە و هیچ پەیوەندییەکی بە ترسی ئەستێرە لە رۆژەوە نییە، بەلکو شتێکی سرووشتییە. مامۆستا مەسعوود محەمەد سەبارەت بەم بەیتەی نالی دەڵێ:" حیکمەت و هێزی شاعیرییەتی نالی لەم بەیتەدا، تەقڵەی بە هەموو قیاسێکی عادەتی لێداوە کە هاتووە حوکمی دادگاه بە تەبریەی تاوانبار و تاوانبارکردنی بێتاوان دەردەچوێنێت و حوکمەکەش بە ڕاست و دادپەروەر وەردەگێرێ."(2)

بەڕووی تۆم دیدە هەڵنایێ شەو و رۆژ

لادان لە گونجان: چونکە ئەمەش لەگەڵ واقیع دا ناگونجێ، کەسێك چاوی کراوە و ئاگای لە خۆی بێت، بەڵام بەشەو و بە ڕۆژ چاوی بە ڕووی یارەکەی هەڵنێ.( ئەرچی بێدارم) شاعیر وایداناوە کە شەو و رۆژ هەمیشە بێدارە ئەمەشیان ناگونجێ و دوورە لە راستی، چونکە کەس ناتوانێ هەمیشە بێدار بێت.

لادان لە چەندێتی: شاعیر دەیتوانی بە یەك رستە دەربڕی و بڵێ( تۆ هێند جوانی چۆن تەماشات بکەم)

لادان لە شێوازیش دروست بووە چونکە قسەکردنەکە شێوەیەکی تەمومژاوی هەیە و بەتایبەتی لە نموونەی وشەی (هەڵدیٚ) دەکریٚ دوو سەرچاوەی واتایی جیاوازی هەبێت: یەکیان ڕاکردن و ئەویتریان دەرکەوتن.

**تەبیبی من دەبیٚ دەخڵی هەبیٚ، صاحێب ئیشارەت بی**

**مەگەر چاوت بزانی، من لەبەر چی مەست و بیمارم.**

لادان لە چۆنیەتی: نائاسایی واتایی لە ( تەبیبی من) دروست بوە، شاعیر لایداوە لە چۆنیەتی و بە ( خواستن) ئەمەی بەکارهێناوە، بەو واتایەی کە یارەکەی و خودی چاوی یارەکەی پزیشك و حەکیمی نەخۆشینە و نالی پێویستی پێیانە، ئەمەش لەگەڵ واقیع ناگونجیٚ، کە کەسیٚ یارەکەی و خودی چاوی یاری بە چارەسەری برین و نەخۆشییەکانی دابنیٚ. واشیداناوە کە چاوەکانی یار مەست و بیمارن و پەیوەندی مەست و بیمارییان لەگەڵ نالی شاعیردا هەیە، لێرەشدا نائاسایی واتایی دروستبوە، چونکە ( چاو) دیارخراوە، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ( مەست و بیمار) ی دیارخەر نییە.

بۆیە شاعیر پەیوەندی دیارخەر و دیارخراوی بە شێوەیەکی نائاسایی پچڕاندوە.

لادان لە ( چەندێتی) رویداوە: چونکە شاعیر دەیتوانی بە یەك رستە بلیٚ( من نەخۆشم تۆ وەرە لام).

لە بەشی ( خواستن) ەکە، قسەکە راست نییە کە ئەو تەبیب بێت، بەڵام شیعر بۆ هۆیەکی ناراستەقینەی گەراندۆتەوە، کە ئەو چارەسەر و دەوای دەردەکانیەتی.

( مەگەر چاوت بزانیٚ)

لادان لە گونجان: ئەمەش لەگەڵ واقیع ناگونجیٚ،( چاو) ئەندامێکە لە ئەندامەکانی مرۆڤ، بە تەنیا هیچی پێناکریٚ، زانیاری لەبارەی شتەکانی تر نیە ئەگەر هاوڕێی مێشکی لەگەڵ نەبیٚ. شاعیر وایداناوە کە چاوی یار دەردو مەینەتییەکانی ئەو دەزانیٚ و زانیاری لەبارەوە هەیە.

**بە سەروم وت کە راستە سەرکەش و بەرزی، کەچی لەرزی**

**کە فەرقیشم بکاتە ئاسمان بەندەی قەدی یارم.**

لادان لە گونجان: ناگونجێت کەسێك قسە لەگەڵ درەختێك بکات و بیدوێنیٚ، دواتریش هۆکاری لەرزینی دارەکە بۆ دواندنەکە بگەڕێنێتەوە. واتە وەڵامدانەوەی ( درۆ) بە( درۆ) یەکی دیکە، ئەمە لە زانستی ڕەوانبێژیدا پێی دەگوترێت جوانی

بایس، لێرەشدا دەچێتە خانەی ئامارژە پێکردن لە لادان لە چۆنیەتی، چونکە ئامارژەی بەوە کردوە کە شتێکی ناڕاستە بە داری گوتوە، لە هەمان کاتدا درەخت بلەرزێ و وەلاّم بداتەوە بە شتێکی ناڕاست!

لادان لە چەندێتی: لە نیوە دێری دووەم، چونکە دەیتوانی تەنیا بڵی( من ملکەچی یارم) ، بەلاّم شاعیر جوانتر زمانەکەی دارشتۆتەوە و زیاتر واتاکەی لە ئاسایی دوورخستۆتەوە.

( فەرقیشم بگاتەئاسمان) ئاشکرایە ئەمەش لێرەدا لادانە لە گونجان، چونکە ناگونجێ( سەر) هێندە بەرز بێت بگاتە ئاسمان، کەواتە لە راستییەوە دوورە، بەلاّم شاعیر ئەمەی بە مەبەست بەکارهێناوە بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی و دڵسۆزی بۆ یار دوپات بکاتەوە.

**لە شیرینی ئەتۆ ئەی خوسرەوی تەختی زەمین رەنگە**
**بگاتە ئاسمانی بێستون فەرهادی هاوارم**

نائاسای واتا لەم دیرەدا بریتییە لە:

لادان لە چەندێتی: چونکە شاعیر دەیتوانی بە یەك ڕستە واتاکەی بگەیەنێت و بڵی( من لەتاو جوانی تۆ هەموو خەڵك لە هاوارم گەیشت).

لادان لە چۆنیەتی، لە بەشی زیادەڕۆیی: چونکە شاعیر بە شێوەیەکی زیادەڕۆ باسی یارەکەی دەکات و دەڵێ(لە شیرینی ئەتۆ ئەی خوسرەوی تەختی زەمین ) دەیتوانی تەنیا بڵی ( ئەی یار) هێندە وەسفە زیادەرەویەی بۆ نەکات.

لادان لە گونجان: چونکە لە راستیدا یارەکەی( خوسرەو پاشای تەختی زەمین ) نییە، کە ئەو وای داناوە. ئەمەش لەگەڵ واقیع و راستی ناگونجێ.

لادان لە گونجان لە دێری کۆتاییش دروستبوە، وایداناوە ( هاواری ئەو دەگاتە ئاسمان) ئەمەش دوورە لە راستی و هیچ کەس دەنگی بە ئاسمان ناگات.

لادان لە شێواز: لە وشەی( شیرین) کە دەشێ لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە هاتبێ، یەکیان بە مانای شیرینی و خۆشی بێت، ئەویتریش بە مانای ( شیرین) ی فەرهاد( داستان) بێت، ئەمەش تەم و مژی و لێڵی لە وشەکەدا دروستکردوە .

لادان لە چۆنیەتی لە بەشی خواستن بەکارهاتوە و یارەکەی بە (شیرین) داناوە کە ئەمەش دوورە لە راستی، نە یارەکەی شیرینی فەرهادە و نە خۆیشی وەك فەرهادە.

**برۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو**

**خەتت هات و وتی: من ناسیخی توغرایی خونکارم**

جگە لەم دێرە لە هەموو دێرەکان تێبینی دەکرێ، نالی وەك خودی خۆی بە جێناوی (م) ی لکاو یا ( من) ی سەربەخۆ ئامادەیی هەیە، ئەم ئامادەیی بوونە لە هەموو دێرەکان جۆرە دەسەلآت گرتنە دەستی نالییە بەسەر تەواوی شیعر و بەسەر خودی دولبەریش، وایکردووە کە تەنیا لە دێری حەفتەم شتێك بهێڵیتەوە بۆ بەرامبەرەکەی بەلآم ئەویش بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ لە دەم و کاتێکی ڕابوردووی دووردا شێوە فلاش باگەکە دەگێڕێتەوەو قسەکانی ئەو وەك بەڵگە دێنێتەوە.

لادان لەگونجان: چونکە ناگونجێ برۆ ببێتە باڵی هوماو هەروەها ببێتە سێبەری سایەی جوانی ئەو. جگە لەمەش دەڵێ ( خەتت هات و وتی) ئەمەش بۆ خەتی ژێر چەناگەی دەگەڕێتەوە، کە گوایە هاتوە و قسە دەکات و پێی وایە ئەو خەتەموە گوتویەتی: کە من هاتووم ئیتر پێچاو پێچی زولف باوی نەماوەو لام بردوە. ئەمەشیان دوورەلە راستی.

لادان لە چۆنیەتی، لە بەشی ئامارە پێکردن: ئامارەی بە وەلآمی خەت داوە کە وەلآمی درۆیە بە درۆیەکی تر.

لادان لە گونجان، لە بەشی زیادەرۆیی، چونکە زیادەرۆیی تێدایە لە ( سولتانی حوسنت) جوانی سولتان نیە، ئەمانە هاوڕێتیان لەگەڵ یەکتر نییە و بەیەکەوە نایەن، و لەگەڵ واقیعیش ناگونجێن.

لادان لە شێواز: هەموو دێرە شیعرەکان بە شێوازی ناڕاستەوخۆ دەربڕاون.

**سەراپا هەروەکو حەلقەی زرێ پەروێزەیی خوێنم**

**بەیەك یەك تیری موژگانی زرێ دۆزت بریندارم**

نائاسایی واتا لەم دێرە لەوەدایە کە شاعیر وایداناوە برۆی یارەکەی ئەوەندە تیژە وەك نووکی تیژی زرێ سمت وایە، هێندەی بە برۆیەکانی لە نالی داوە سەرتاپای لەشی شاعیر وەك بێژینگ کون کون بوە و هەر شوێنێکیش برینێکی تێدایە و خوێنی لێدەتکێ، لەبەر تیژی برۆی یاری.

لادان لە چەندێتی: دەیتوانی بە یەك رستە بڵێ: برۆت تیژن.

لادان لە چۆنیەتی: هیچ برۆیەك وەك رم تیژ نییەو برۆ توانای ئەوەی نییە کە لەش بریندار بکاو خوێنی لێبێنێ و دواتر کون کونی بکا.

لادان له گونجان: ئەمەش لەگەڵ واقیع ناگونجیٚ کە برۆیەك ئەو هەموو کارە ئەنجام بدات.

**حەمایل کە دەمی تیغت لە حەلقەی گەردەنی ( نالی)**

**مەگەر تێراو بم بەو ڕەنگە تینوی ساعیدی یارم.**

لەم دێرەشدا نائاسایی دەبینریٚ، چونکە نالی وایدەبینیٚ لەگەڵ یاری قسە دەکاو دەڵیٚ: تۆ دەمی تیغت راست و چەپ لە گەردەنم بدەو بە باشی ببڕە و با لەگەڵیدا خوێنی زۆری لیٚ بیٚ، چونکە من تینوی باسکی یارم.

لادان لە چەندییەتی: شاعیر دەیتوانی بە یەك رستە دەریبڕیٚ: ( دەمەویٚ لە یارم نزیك ببمەوە)

لادان لە چۆنیەتی: کەس بە یارەکەی ناڵیٚ کە بە تیغی تیژ لە گەردەنی بداو ببڕیٚ.

لادان لە گونجان: ئەمەش لەگەڵ واقیع و راستی ناگونجیٚ، کەسێك بە خوێناو تێر بێت و بەوشێوەیە خۆشەویستی خۆی لەگەڵ یار نزیك بکاتەوە!.

**<u>ئەنجام:</u>**

لە پراکتیك کردنی شیعری( حەنایی کردوە پەنجەی) نالی گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- پراگماتیك بە ئەرکی خۆی دەزانی کە شیعر لێك بداتەوەو جۆری لادان و نەگونجانی واتا و نائاساییەکە بخاتە ڕوو.
- شاعیر هەروا بە سادەیی قسەکانی دەرنەبڕیوە و بە مەبەست قسەی کردوە و ویستویەتی دیوی ئەودیوی هێماکان شیبکاتەوە.
- زمانێکی تەمومژاوی بەکارهێناوە تا تەحەدای ئەوەبکات کە دەتوانێت یاساکانی زمان تێك بشکێنێت و یاری بە وشەکان بکات، لە هەمان کاتدا واتایەکە هەڵبوەشێنێت و بەرگێکی جوان و تازەی دەبەر بکاو لە ئاساییەوە بۆ نائاسایی ببات.
- لە هەمووديٚرەکانـدا لادان لە گونجان دوبارە بۆتەوە، چونکە هەموو دەستەواژەکانی نێو شیعرەکە مەبەستەکانی لەگەڵ راستی و واقیع ناگونجێت.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

(1)**ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندن دا، د. عبدالواحد موشیر دزەیی،چاپی یەکەم، هەولێر**2005، **لا**80 ، 183.

(2) **دەستەو دامانی نالی، مەسعوود محەمەد، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی دووەم ، هەولێر** 2007، **لا**87.

(3) **دیوانی نالی، ملا عبدالکریمی مدرس و کورەکانی.بغداد** 1976.**لا** 271.

**ت**ێبینی/ ئەم بابەتە لە ژمارە یەکی گۆڤاری (واتە) لە ساڵی 2007 بڵاوبۆتەوە.